## چنار نامق:

# شیعر ئەو هاودەمە رووحییەیە کە هەمیشە لێم جودا نابێتەوە

*** ئا/ سەباح شێخانی**



*** چنار خان کێیە؟**

- کەسێکم لە ئاپۆرای خەمە گەورەکانی بوونەوە رژامە نێو جەنجاڵی زەمەن و ئاوێتەی فەلسەفەکانی بووم لەوێرا چوون سێبەرەکەم لە خۆم ونبوو، سەردەمێک چوون بیرەوەرییەکانم لە ژماردنی رۆژگار شەکەت دەبووم و دەمێکی دی پێکەکان لە بیریان دەچوو بمخۆنەوە.

*** دەکرێت سەرەتای ئاشنابوونی بەرێزتان لەگەڵ شیعرمان بۆ باس بکەن؟**

- رەنگە شیعر ئەو قەدەرە بێت کەبێ ویستی خۆم رژایە دنیای منەوە کەسێک لە منداڵییەوە چاوشارکێ لەگەڵ ئەستێرە، مانگ بکات و خولیای گەیشتن بێت بەوان، ئیدی چۆن لە دەریای مەنگی شیعردا نقووم نابێت، ئاشناییم لەگەڵ شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانەی کە لە عیشقی شیعردا فێری ئەلف و بێی کوردی بووم.

*** دەقە شیعرەکانی تۆ زیاتر باس لەچی دەکەن؟**

- لە دەقەکانمدا پرسیار گەلێکی ئەزەلی بەدی دەکرێت کە لە پرسە سروشتیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ناتەبایی بوونەوە خۆی دەنوێنێ، ئەو نایەکسانییە کە لە بووندا بەرچاوە هەر لە ناتەبایی وەرزەکان و ناتەبایی زەمەن و نائاسایی دابەشبوون، بەشێوەیەکی دیار پرسی مەرگ و لە دایکبوون، پرسی پشکوتنی گوڵ و هەڵوەرینی گەڵاکان لە وەرزی پایز. پرسیار گەلێکە هەمیشە لە مندا رەنگدەداتەوە ئەو خەمانەی کە هەمیشە بێ چارەسەر دەمێننەوە بۆیە لە شیعردا دەڵێم: +

**بۆ ئاسمان شەو پرچی رەشە و**
**بەرۆژ سپی دەکاتەوە**
**خەم کە دەگری، بۆ چاوی سوور دەبێتەوە**
**شادی بەچی پێدەکەنێت**

*** بۆچی ئافرەتی دیار کەمن لە ناو مەیدانی ئەدەب و هونەر بەگشتی و شیعر بە تایبەتی، مەبەستم ئەوەیە کە ئافرەتی بەناوبانگمان کەمن شاعیری دیار بن؟**

- بەو پێیەی لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتیدا دەژین ئافرەتانمان گۆشەگیرن و سڵدەکەنەوە بچنە نێو هەندێ لە نێوەندەکانەوە یاخود دەتوانین بڵێین زۆرێک لە ئافرەتانمان رەنگە ئەدەب و هونەر نەبوو بێت بە خولیایان و نایانەوێت خۆ لە قەرەی ئەو مەسەلانە بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی نووسەر و ناودارمان هەیە.

*** دەڵێن چنار خان حەز دەکات زیاتر بە باڵای ئافرەتدا هەڵبدات؟**

- بێگومان خوێنەر ئازادە لە خوێندنەوەی گشت دەقێک و مافی خۆیەتی بەپێی هزر و تیفکرینی خۆی خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ مەسەلەکان، دەقی نوێ فرە رەهەندە بۆیە رەنگە ئەو بیرەیان لا دروست بووبێت کە زیاتر حەز دەکەم، بە باڵای ئافرەتدا هەڵبدەم، بەو پێیەی شیعر لایەنە ستاتیکییەکان لەخۆ دەگرێت، دەکرێت ئافرەتیش وەکو تێکرای بوونەوەرە جوانەکانی دیکە لە شیعرییەت بێبەش و پەراوێز نەکرێت.

*** لە ساتی نووسینی شیعر هەست بەچی دەکەیت؟ ئەی باشە لە دوای تەواو بوونی شیعرەکە هەستت چۆن دەبێت؟**

- شیعر ئەو جیهانەیە سەراسیمەم دەکات و بەرەو پرسیارە یاساغەکانی بوونم دەبات و هەمیشە لە خەم و ناسۆر و خەندەکانی قوومم دەکات ئیدی ئەو ژانە شیعرانەی کە لە کاتی شیعر نووسیندا کە نەست و هەستم دادەگرن، نازانم ناوێکی لێبنێم. لای من لەدایکبوونی شیعرێک کەمتر نییە لە لەدایکبوونی کۆرپەکەم، رەنگە شێوازی ئەو میوانە ئازیزە ئەوپەڕی ئاسودەییم بێت.

*** چنار خان بۆچی شیعر دەڵێت و تاچەند توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێ؟**

- شیعرم بۆ سروشتە بۆ مرۆڤایەتییە، بۆ جوانییە شیعر ئەو هاودەمە رووحییەیە کە هەمیشە لێم جودا نابێتەوە، شیعر ئەو ئەوینە بەسۆزەیە کە ناتوانم دەستبەرداری بم زۆر جار پێم وایە شیعر من دەڵێت، من پێم تاوانە زۆر لە شیعر بکەم، لە نووسینەوەی، بۆیە بە هەمیشەیی لەسەر خۆم لە شیعر نووسیندا و پەلە لە شیعر ناکەم، چونکە گەر شیعر کرا بەسەنعەت ئەوە چێژ و شەفافیەتی خۆی لەدەستدەدات دواتریش رەنگە زیز ببێت.

*** دەڵێن سەردەمی شیعر بەسەرچوو. بەرێزتان لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- شیعر جۆرە خۆراکێکی رووحی مرۆڤە خولیادار و ئارەزوومەندانییەتی، بۆیە هیچ کاتێ سەردەمی بەسەر ناچێت بێگومان رەوتی ژیان پێویستی بەهەموو لایەنێکە شیعریش بەشێکە لەلایەنە پێویستەکانی ژیان.